پەروەردەی هەرێم: تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12 دوا ناخرێن



وەزیری پەروەردە ڕایگەیاند: تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12ـی ئامادەیی لەکاتی خۆیدا بەڕێوە دەچن و خوێندن لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەستی پێکردووەتەوە.

پێنجشەممە، 3ـی نیسانی 2025، ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12ـی ئامادەیی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە 1ـی حوزەیرانی 2025، لەکاتی خۆیدا بەڕێوە دەچن و دوا ناخرێن. دەربارەی کەمکردنەوەی پڕۆگرامی خوێندنیش ئاماژەی بەوە کرد، بۆ پۆلی نۆیەتی و 12ـی ئامادەیی لە 10٪ بۆ 12کەم کراوەتەوە.

وەزیری پەروەردەی گوتیشی: دوای تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12، وەزارەت هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ ڕێکخستنەوەی میلاکات بۆ ساڵی ئایندە.

دەربارەی دەستپێکردنەوەی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندندا لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ئالان حەمەسەعید باسی لەوە کرد: لەناوەندەکاندا خوێندن دەستی پێکردووەتەوە و دەستاتیان پێ دراوە و

تا قیکرد نەوەکا نیان ەک خستووە تەو.